# بۆ رازیکردنی ژنەکەی تووشی تاوانیش بوو



**سەباح بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە**

شەو درەنگ بوو، بەندییەکان ئەوانەی حوکمدرابوون لە دەوری یەك کۆببوینەوە و گوێیان لەبەسەرهاتی (سەباح)ی داماو دەگرت. بەندییەکان کردبوویانە عادەت شەو ناشەوێك. یان لە نێوان چەند شەوێکدا، درەنگە وەخت سەریان بەیەکەوە دەنا و دادەنیشتن و بەسەرهاتی ژیانی خۆیان بۆ یەك دەگێڕایەوە، جاری وا هەبوو، بەندییەك ئەوەندە بە تاسەوە بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕایەوە، ئەوجا ئەگەر هەمووی راست بوایە یان بەشێکی راست بایە و بەشەکەی تری زادەی خەیاڵی بەندییەکە و حاڵەتە دەروونییەکەی بوایە، هەم بەخۆم و هەم بەندییە هاوڕێیەکانی ئەوانەی لە دەوری دادەنیشتن و گوێیان لێدەگرت، فرمێسك بەچاویاندا دەهاتە خوارێ. ئەو شەوە نۆرەی (سەباح) بوو، کە بەسەرهاتی گرتن و حوکمدانەکەی بگێڕێتەوە. (سەباح) دوو ساڵ حوکم درابوو، زۆری ماوەی حوکمەکەی بەسەر بردبوو، هەر مانگێکی مابوو، بەڵام تا ئەو ماوەیەش حەزی نەدەکرد باسی بەسەرهاتی خۆی بکات. بەڵام ئەو شەوە هەموو هاوڕێکانی تینیان بۆی هێنابوو و وازیان لێنەدەهێنا. لەخۆشی ئەوەش کەچی وای نەماوە ئازاد بکرێت بۆیە هاتبووە ژێر باری داواکارییەکانی هاوڕێیەکانی. (سەباح) سەرەتا لە پەیوەندی خۆی و هاوسەرەکەی دەستی پێکرد و بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی کرد و گوتی: من تەمەنم گەیشتبووە (٢٤)ساڵی هێشتا ژنم نەهێنابوو. باوکم سەری خستبووە سەرم و وازی لێنەدەهێنام و دەیگوت دەبێ ژن بێنی. چەندی گوتم باوکە جارێ وەختی ژنهێنان نییە و خۆ چ پەکم لەسەر ژنهێنان نەکەوتووە و نانم لەسەر سێڵ نەسووتاوە. نەخێر کاکە وازی لێنەدەهێنام. رۆژێ سەد جاران دەیگوت: ئاخر تۆ پیاو نیت، بڵێ بۆ ژن ناهێنی، لەچیت کەمە. دەمگوت باوکە پیاوم و لە هیچیشم کەم نییە، بەڵام من نەحەزم بە ژنهێنانە و نەبیرشم لێکردۆتەوە. سوودی نەبوو. بەدایکمی گوت، دەبێ بە مانگێك ژنێکی هەر بۆ بدۆزیتەوە. سەرتان نەیەشەنم، کچێکی سێ ساڵ لە خۆم گەورەتریان بۆ دۆزیمەوە. ئەوەی ناوونیشانی کچەی بە دایکم گوتبوو، ژنێکی ناسیاومان بوو. خوا بیگرێ، کچەکەی لە جوانیان کردبووە شا جوان، لە هێمنی و سەنگینی و بێ وەییان کردبووە فریشتە. کوڕە لە کابانیان نازانم کردبوویە چی..!! ئینجا ما دایکم بێتە بن کلێشەم، ئەویش هێندەی بەسەرداگوت، چاوی وەهایە و دەم و لوتی وەهایە، ئەوە باڵایەتی، ئەوە قژیەتی، ئەوە دەسترەنگینی و خانەدانییەتی، هەر مەپرسە، ئەوەندەی وەسف کرد، خەریکبوو لە تەیرەکەی مەلای مەشهور بچێت. باشە ئاخیرییەکەی رازی کردم بیبینم، وای لێهات بینین و نەبینینی وەکو یەکی لێهات.

هیچی بە قسە نەکردم، لە ماوەیەکی کورتتدا هەموو شتێکی بڕاندەوە. ناچاریان کردم مارەی بکەم، پاشان گواستمەوە. جارێ نازانم کە من چ بەڵایەکی خودام هێناوە، دایکم گوتی: کوڕم خانووی ئێمە گەورە و دوو نهۆمە، رازی نیمە لەماڵ بچیتە دەر ئەمە نهۆمی سەرەوەیە و لە هیچی کەم نییە. هەموو کەلوپەلەکانت دەبەیە ئەوێ. باشە ماڵم لە نهۆمی سەرەوە دانا. من کوڕە تاقانەی دایك وباوکم بووم. لە دایکم بیستبوو، دوای لەدایکبوونی من دایکم تووشی نەخۆشییەك هاتبوو، پزیشك پێی گوتبوو ئەگەر منداڵدانت دەرنەهێنی تووشی شێرپەنجەی منداڵدان دەبیت، ناچار بە نەشتەرگەری منداڵدانیان بۆ دەرهێنابوو. لەبەر هەندێ دوای بوونی من چیتر منداڵی نەدەبوو.

ئا: باوکی میدیا

ئەوجا لەسەرینی ئەمەوە دایکم و باوکم حەزیان دەکرد زوو ژن بێنم و منداڵ بنێمەوە. سەرەتای ژنهێنانم دایکم زۆر نازی ژنەکەمی دەکێشا. تەنانەت نەیدەهێشت چێشتیش ساز بکات. هەربەخۆی لێیدەنا و بۆی ئامادە دەکردین. بەڵام دەمدیت ژنەکەم بەچاوی خزمەتکار تەماشای دایکم دەکات. رۆژێك بە ژنەکەمم گوت کە ناوی (سوهام) بوو، بەسە ئیتر خۆت چێشت لێبنێ، جوان نییە دایکم خواردنمان بۆ ساز بکات، کەچی لە وەڵامدا پێی گوتم: بۆ تۆ من بەخزمەتکاری دایکت دەزانی وەڵڵا یەك رۆژ من چێشت لێنانێم. بووە مشتومڕمان دایکم پێی زانی، گوتی: کوڕم قەیدی ناکا هەر خۆم چێشت لێدەنێم. وازی لێبێنە. گوتم: کچێ دایە ئەوە هەڵەیە، ئەو ژنە دوایی بە من راست نابێتەوە. تۆش ناتوانی لەگەڵیدا هەڵبکەی، لێت دەبێتە بەڵا، دایکم گوێی پێنەدا. ئینجا فێربوو لە جلوبەرگی خۆی زیاتر هیچی دیکەی نەدەشووشت. دایکم جلوبەرگی منی دەشووشت. وردە وردە ناکۆکیمان دەستی پێکرد. ژنێك ئامادە نەبێ خواردنێکت بۆ ئامادە بکات، جلوبەرگت بشوات، هیچ کارو وەزیفەیەکی نەبێ، ئەی باشە ئەو ژنە چ دەکات، چەند جارێك بە قسەی خۆش هەوڵم لەگەڵیدا نەهاتە رایێ. هەڕەشەم لێیکرد، هەر نەهات، لێمدا، هەر سوودی نەبوو. کاکە وایلێهاتبوو دەبوو من قسە نەکەم تا ئەو جێنو و قسەی ناشیرین نەکات.

## دانانی ماڵی سەربەخۆ

(سەباح) لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی تۆزێك وەستا، جگەرەیەکی داگیرساند و دوو مژی قوڵی لێدا. هاوڕێیەکیان دۆلکە ئاوێکی هێنا و پەرداخێك ئاوی بۆ (سەباح) تێکرد و ئەویش فڕی کرد و گەرووی خۆی پێتەڕ کرد. ئەوجا دووبارە دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: ئەو ژنە لێم ببوە دەرد و بەڵا، هەرچیم بۆی دەکرد رازی نەدەبوو. کە داواکارییەکی هەبوایە، زوو بۆیم جێبەجێ دەکرد و دەمگوت بەڵکو رەفتاری خۆی دەگۆڕێت، رۆژێك باش دەبوو، دە رۆژ خراپ دەبوو. ماوەیەك دەیگوت: ئەگەر ماڵی خۆمان بکەین. ناهێڵم هیچ کێشەیەك لەماڵەکەمان هەبێ، بەڵام هەتا لێرە بین من ئاسوودە نیم لەبەر ئەوەی دایکت خۆ لە ژیانمان هەڵدەقورتێنێ. گوتم: باشە بابە، لەگەڵ ئەوەش کە سوور دەزانم دایکم فریشتەیەکە بۆ خۆی و تۆ تەنیا هەنجەتی پێدەگری، بەڵام کێشە نییە ئەوا ماڵی سەربەخۆشت بۆ دەکەم، قیروسیا، خانوویەکم بە کرێ گرت، ناچار بووم، هەم دەوامی وەزیفە بکەم و هەمیش ئێواران یارمەتی باوکم بدەم و یارمەتی لە باوکم وەربگرم ئیدارەم پێ هەڵسوڕێنم، ئەمجارە هەنجەتی بە زێڕ گرت و هەموو رۆژێ پرتەو بۆڵەی دەرکرد و دەیگوت: بزانە ژنی خەڵکی هەمووی پاوەن و خڵخاڵ و رستە و لیرە و نازانم چی وچیان بەخۆوە کردووە، منیش لە چەند پارچەیەکی بچوك زیاتر هیچم نییە، حەزم لێیە خڵخاڵم بۆی بکەی، ماوەیەکیش فێر ببوو ناوە ناوە دەیگوت مۆبایلەکەم بۆ بگۆڕە، ئامێرێکی ترم بۆ بکڕە و ئەو مواسەفاتانەی هەبێ. ئیتر وردە وردە کەوتمە ژێر قەرز. شەو و رۆژ راکە راکەم بوو پێڕانەگەیشتم، نەمدەزانی داواکارییەکانی ئەو جێبەجێ بکەم یان قەرزەکانی بدەمەوە. چەند جارێك لەگەڵ خاوەن قەرزەکان بووە ناکۆکیمان و شکایەت و شکایەتکاری هەر جارەش باوکم قەرزەکانمی دەدایەوە و لە کێشەکە دەربازی دەکردم. ئیتر ئەم ژنە ماوەیەك بێدەنگ دەبوو، ماوەیەکی دیکە بەهانەی بەشتێکی ترەوە دەگرت و پرتە پرتەو بۆڵە بۆڵی دەست پێکردەوە و مێشکی دەخواردم. دەمکردە شەڕ و فرتەنەیەك نەبێتەوە، کەچی هەر ئەو دەمی بوو، دەستی پێکردەوە و یان داواکارییەکانی دەبوایە جێبەجێ بکەم یان وازی لە بۆڵە بۆڵ نەدەهێنا و نەیدەبڕیەوە، چەندین جار لەگەڵ ماڵی باوکم قسەم دەکرد. ئەوان لەم خراپتر بوون. هەمیشە پشتگیری ئەویان دەگرت، رۆژێك فشاریان بۆ نەهێنا، ئامۆژگاریان نەدەکرد، سەرزەنشتیان نەدەکرد، نەخێر هەموو جارێ من تاوانبار و ئەو بێتاوان و زولم لێکراو بوو. ئەمجارە خانم داوای مۆدێلی تازەی ئۆتۆمبیلی دەکرد، دەمگوت: ئاخر من پارە لە کوێ بێنم ئۆتۆمبیلت بۆ بکڕم، دەیگوت کەیفی خۆتە. دەی بە ملی شکاوم، ملم بۆ ئەو داوایەش کەچ کرد و ئۆتۆمبیلێکم بە قست بۆی کڕی، بەڵام ئەوەندەم باش بوو، بەناوی خۆمەوە کردبوو، مانگی یەکەم و دووەم قەرزی ئۆتۆمبیلم بە زەحمەت دا، مانگەکانی تر پارەکەم نەبوو بیدەم. کابرای خاوەن پیشانگا، کە ئۆتۆمبیلی بە قەرز پێدابووم، چەند جارێك ئاگاداری کردمەوە. هەر نەبوو بیدەم. قەرز کەڵەکە بوو، گەیشتە چوارمانگ. بە ژنەکەمم گوت: ئەوە چوار مانگە قەرزی ئۆتۆمبیلم لەسەر کەڵەکە بووە، با لەسەر ئەو قەرزە نەچمە بەندیخانە، وەرە با بیفرۆشین و قەرزەکان بدەینەوە و ئۆتۆمبیلێکی هەرزانترت بۆ دەکڕم، کەچی ئەو دەیگوت تۆ چ عەقڵێکت هەیە، من لەم ئۆتۆمبیلی مۆدێل تازەیە و بچمە سەر ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل خوارتر. کابرای خاوەن قەرزیش بەردەوام داوای قەرزەکەی دەکرد. نەمدەزانی چی پێ بڵێم، لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا ئۆتۆمبیلەکە بفرۆشم و لە بن دەستی ژنەکەم دەربێنم، من ئەو نەخشەیەم هەبوو. خۆشم بە نیاز بووم، بە خاوەن قەرزەکە بڵێم وەرەوە ئۆتۆمبیلەکەم لێبکڕەوە، با بە زەرەیش بێ، قەیدی ناکا قەرزی خۆی لێبگێڕەوە و باقییەکەی ترم بدێ. دامنابوو ئێوارە تەلەفۆنی بۆ بکەم و بڕیارەکەی خۆمی پێ بڵێم. لەو خەیاڵاتەدا بووم کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا و سەیری شاشەکەم کرد دیتم کابرای خاوەن قەرزە. کە وەڵامیم دایەوە بەو نیازە بووم کە پێی بڵێم ئێوارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دێم، کەچی کابرا لەسەر تەلەفۆنەکە دەستی بە قسەی ناشیرین و جنێو کرد و گوتی لە کوێی وا من دێم و بزانە چۆن بە شەق و شەلاق ئەو قەرزەت لێدەستێنم، کابرا زۆر سووکایەتی پێکردم و زۆریش جنێوی ناشیرینی دا. قسەیەك لە من و یەکێك لەو، لەسەر تەلەفۆن شەڕێکی پێمان کرد، کابرا سوێندی بە تەڵاق خوارد گوتی وا دێم بۆ کوشتنت. دوای نیو کاتژمێر هاتە ماڵ، هاتمە دەرەوە خەڵکی گەڕەك زانیان کێشە روویداوە هاتبوونە دەرەوە. کابرا لەناو ئۆتۆمبیل هاتە خوارەوە، خۆی و دوو کەسی تر بوون، یەکسەر بەرەو رووم هات و هەتا گرتی شەقەزللەیەکی لە بن گوێم دا. منیش تا گرتم مستێکم لە نێو چاوی دا. دووکەسەکەی تریش بۆم هاتن، دراوسێکانم کە دیتبوویان بەسێیان هاتوونە لێمبدەن، دووکەسەکەی تریان بەرزەت کرد و نەیانهێشت دەستم لێبوەشێنن. من و کابرای خاوەن قەرز بووە شەڕمان، لەپڕ هەر هێندەم زانی دەمانچەیەکی دەرهێنا و سواری کرد، منیش تاوم دایێ و زوو دەستیم گرت، چەند گوللەیەکی لەدەست تەقی و یەکێکی تریشی لەدەست تەقی و پشتاو پشت بەربۆوە و گوللیەکی دیکە تەقی و بەسەری کەوت، هەر ئەو دەمی گیانی لەدەست دا. گوتم ئای قوڕم بەسەر تووشی چ بووم، یەکێك لە دوو زەلامەکەی تر کوڕی بوو، ئەویش دەمانچەی دەرهێنا و من خۆم دایە پەنا و دوو سێ گوللەی تێگرتم و لەگەڵ گوللە تەقاندن بۆشم دەهات، دەمزانی ئەگەر نەیکوژم، مسۆگەر هەر دەمکوژێ چارم نییە، ناچار بووم گوللەیەکم تێگرت بەسەر دڵی کەوت ئەویش بەربۆوە و دوای چەند چرکەیەك ئەویش مرد. بەمجۆرە کەوتمە بەندیخانە و بە دوو ساڵ حوکم درام. ئیتر باوکم جەڵتە لێیدا و ئێستا و ئێستاش نیوەی جەستەی ئیفلیجە. ژنەکەش کە کەوتمە زیندان، هاتە سەردانم، کە جارێ حوکم نەدرابووم، منیش برادەرانی نێو زیندان و پۆلیسەکانم کردە شایەد و سێ بەسێ تەڵاقم دا، ئێستاش وا لە نێو ئێوەدام و دوو ساڵە وا ژیان لەناو بەندیخانەدا بەسەر دەبەم و لەناو ئێوەی ئازیز دام و چاوەڕێم حوکمەکەم تەواو بێ و بچمەوە لای دایك و باوکی ئازیزم.

**سەرەتای ژنهێنانم دایکم زۆر نازی ژنەکەمی دەکێشا. تەنانەت نەیدەهێشت چێشتیش ساز بکات. هەربەخۆی لێیدەنا و بۆی ئامادە دەکردین**

**ناچار بووم، هەم دەوامی وەزیفە بکەم و هەمیش ئێواران یارمەتی باوکم بدەم و یارمەتی لە باوکم وەربگرم ئیدارەم پێ هەڵسوڕێنم**

# بۆچی دەستبەرداری منداڵەکان

ژیانی کولەمەرگی و بێ چارەیی خێزانێك (ئەمین) کە خێزانی پێکەوەنا، کاروکاسبییەکی باش و ژیانێکی باش و گوزەرانێکی مامناوەندی هەبوو، کابرا بووە خاوەن چوار منداڵیش هیچ کێشەیەکی وای نەبوو شایەنی باس بێت، بەڵام لەپڕ نەخۆش دەکەوێت و بەدەردی نەخۆشییەوە پەککەوتەی ناو جێگە دەبێت، بالێگەڕین (حەسیبە)ی خێزانی دەردە دڵی و خۆشی و ئەندێشە و ناخۆشی و ناگوزەرانییەکانی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش بەم شێوەیە باسی گرفتەکانی خۆیانی کرد و گوتی: کە مێردم کرد ژیانێکی خۆش و ئارام و سەقامگیرمان هەبوو، کێشەیەکی وامان نەبوو، شایەنی باس بێت.. بەڵام دوای ئەوەی بووینە خاوەن چوار منداڵ، لەپڕ پیاوەکەم دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە هات، تا دوو سێ مانگانیش پزیشکەکان سەریان لە نەخۆشییەکەی دەرنەدەکرد، هەریەکەی ناوێکی لێدەنا و مستە دەرمانێکیان بۆی دەنووسی. بەڵام ئەو نەك هەر بەرەو باشی نەڕۆیی بەڵکو ڕۆژبەرۆژیش خراپتر دەبووو. ئەو شەو و ڕۆژ دەکوڵێ و هەناسەی تەنگ دەبوو. ئەگەرچی بەژیانیشی جگەرەیەکی نەکێشابوو کەچی دواتر، پزیشکەکان دەیانگوت ئەوە هەمووی بەهۆی دوکەڵی پیس و گازەوە دووچاری ئەو نەخۆشییە هاتووە، تا ئاخیرییەکەی پزیشکێك دوای ئەوەی لەنەخۆشخانە بۆ ماوەی دوو هەفتە نواندی و پشکنینی جۆراوجۆری خوێن و تیشکی بۆ گرت، پێی گوتین ئەوە تووشی شێرپەنجەی سییەکان هاتووە ئینجا لێی پرسیم و گوتی: ماڵتان لە کوێیە، گوتم ماڵمان نزیکە لە ناوچەیەکی پیشەسازی و کارگەی قیر و بەرد شکاندن و ئەوانەی لێیە. پزیشکەکە گوتی: ئەوە هەمووی بەهۆی ئەو دوکەڵە پیسەی ئەو کارگانەوە تووشی ئەو نەخۆشییە گرانە هاتووە و ماوەیەکی زۆر گاز و دوکەڵی پیسی ئەو کارگانەی هەڵمژیوە. تازەش نەخۆشییەکەی لێی پیس کردووە. دەبێ چەند جارێك نەشتەرگەری بکرێت بۆ ئەوەی زوو نەمرێت. ئینجا کاتی نەشتەرگەری کردنی بۆ دانا و لەکاتی خۆیدا نەشتەرگەری کرد، دوو سێ مانگان هەتا هاتەوە سەرەخۆ هەر لە نەخۆشخانە و دواتر سەردانی پزیشك و لەو ڕێگەیەدا بووین. ئینجا لەبەر ئەوەی پیاوەکەم توانای کارکردنی نەمابوو، بۆیە سەرەتا هەرچی پارەی هیشکەمان هەبوو لە ماڵێ لەداو و دەرمان و پزیشك بەخەرجمان دا. زۆر جاریش لەبەر بێ پارەییان ناچار دەبووین، داوای پشکنین و دەرمانمان لە پزیشکەکە دەکرد تاوەکو لە نەخۆشخانە بۆمان دابین بکات. تا وایلێهات وردە وردە کەلوپەلی ناوماڵمان بۆ دابینکردنی خەرجی چارەسەرکردن و داودەرمان دەفرۆشت. تا ئەو کاتەی کەلوپەلێکمان مابوو، فرۆشتمان، کە هیچمان نەما، داوای خێرم لەم و لەو دەکرد و بەو بۆنەشەوە هەندێ کەسی خێرخواز ماوەیەك یارمەتیان داین، بەڵام داخی گرانم هەموو ئەو هەوڵانەش بە فریای مێردەکەم نەکەوت. چونکە دوای ساڵێك لە ململانێ لەگەڵ نەخۆشی ئاخیرییەکەی دەردەکەی بەتەواوەتی لێی پیس کرد و بەتەواوەتی لە پەلوپۆی خست و لەبەرەبەیانێکی ڕۆژێکی هەینی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کە مرد خەڵکی کفن و دفنیان کرد و ناشتیان پارەمان نەبوو، تازییەش دابنێین. خۆشی لە خوشکێك زیاتر کەسی تری نەبوو، ئەویش ماڵی لە شارێکی تر بوو. ئەوەی تر هەندێك یارمەتیان دا و دواتر ئەوانیش لە توانایاندا نەما. بەڕاستی ئەوکات بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، گرانییەك لەباسی کردن نایەت. من و منداڵەکانم بە کولەمەرگییەوە ماینەوە. بە چێشت و نانی ماڵە جیرانان دەژیان. ناچار بووم، خزمەتکاری لە ماڵان بکەم و خۆم و منداڵەکانمی پێ بژیەنم، منداڵەکانم سێ کیژ و کوڕێك بوون. تەمەنیان لە نێوان (٨-١٤) ساڵیدا بوون. منداڵی گەورەم کە کچ بوو گەیشتبووە تەمەنی چواردە ساڵان. ماڵێکی دەوڵەمەند بە وەزعی منیان زانیبوو. ماوەیەك یارمەتیان داین. ماوەیەکیش سۆراغیان کردین و بزانین چۆنین و و ناو ناوبانگمان چۆنە. کە دیتیان من سەرەڕای ئەو کولەمەرگی و ڕەزالەتی و نەبوونییەش کە تیایداین، بەڵام خێزانێکی بەڕەوشت و سەربەرز و ناوونابانگ باشین. ڕۆژێك پیاوێك و ژنێکی پۆشتە، لەبەردەرگامان لە ئۆتۆمبیلەکەیان هاتنە خوارەوە و هاتنە ژوورەوە. کە سەیرم کردن، دیتم ئەو ماڵەن کە هەموو ڕۆژانی هەینی خواردنمان بۆ دێنن، ئەوان هەربە پێوە بوون کە شۆفێرەکەیان هەندێ کەرەستەی خواردەمەنی هێنایە خوارەوە و پیاوەکەی کە ناوی (دلێر) بوو پاش چاك و چۆنی و هەواڵپرسین و ئەو شتانە، ئەوجا هاتە سەرهۆی هاتنەکەی و گوتی (حەسیبە) ئێمە دەمێکە تۆ دەناسین، دەزانین کە ژنێکی ڕێك و پێك و سەربەرزی، سەرەڕای ئەو مەرگەساتەش کە تیایدا دەژی، لە ماڵان کار دەکەی بۆ ئەوەی بتوانی ئەو منداڵانەت بەخێو بکەی و بشیاننێریتە قوتابخانە. ئەوجا ئێمەش زۆرمان بیرکردەوە کە بتوانین بەشێوەیەك یارمەتیت بدەین کە نەبێتە خێروخێرات و دەست پانکردنەوە، بۆیە بیرمان کردەوە کە لەبەر ئەوەی ئێمە منداڵمان نییە و بەتەنیاین، ئەگەر حەزت لێیە. (نێرگز)ی کچە گەورەت بدە ئێمە و هەم یارمەتی ئێمەش دەدا و هەم ئێمەش یارمەتی تۆ دەدەین و ئەویش وەکو کچی خۆمان تەماشا دەکەین.

## حەسرەتی منداڵ لەدەست دەرچوون

(حەسیبە) تا ئێرە بە بەردەوامی و یەکبینە باسی خۆی بەبێ پچڕان دەگێڕایەوە، ئینجا تۆزێك ڕاوەستاو ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و دەستی بە قسان کردەوە و گوتی: ئاخ کە نەبوونی دەردەێکی گەلێك گرانە، لەمێژە گوتوویانە کە برسێتی ڕەگێکی لە هاری دایە، من ئەگەر برسی نەبومایە قەت منداڵی خۆم دەدایە خەڵکی. بە هەرحاڵ ئەو جاری داواکەیانم ڕەتکردەوە. بەڵام ئەوان دوو سێ جاری تریش داوایان کردووە و ئێمەش ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعمان خراپ و بازاڕیش بەرەو گرانی زیاتر و زیاتر دەچوو، خۆشم بەرامبەر بەو خێزانە زۆر شەرمەزار دەزانی. کە چەند جارێك هاتن و داواکەیانم ڕەتکردەوە و ئەوانیش ئەوەندە باش بوون بۆم. دواجار هەستام لەناووناوبانگی ئەو ماڵەم پرسی، زانیم کە ماڵێکی تا بڵێی بە حەیا و بە نامووسن و زۆریش چاوتێر و دەوڵەمەندن. دیسان هاتنەوە و داوای (نێرگز)یان کردەوە. منیش هەندێ قسەم لەگەڵ کردن و باسی مەرجەکانی خۆم بۆ کردن. ئەوانیش بەهەموو مەرجەکانم ڕازی بوون و گوتیان لای خۆمان دەیخەینە قوتابخانە و وەکو کچی خۆمانی حسێب دەکەین. ئەوەبوو هەفتەی یەکەم و دووەمم زۆر بە زەحمەتی بڕی. پاشان ڕۆژێك بەسەردان هێنایانەوە و تا ئێوارە بەجێیان هێشت لەلام، بەڕاستی ڕەنگ و ڕووی هاتبووەوە سەرەخۆی، بەجلوبەرگێکی ئەوپەڕی خاوێن و نوێوە، لە قوتابخانەیەکی ئەهلیان دانابوو. هەڵسوکەوتیشیان لەگەڵی تابڵێی باش و میهرەبانانە بوو. بەهەرحاڵ کە لێی دڵنیابووم. ئیتر تا ڕادەیەکی زۆر نیگەرانیم نەما و ئاسوودە بووم. ئینجا کە ئێوارە هاتنەوە (دلێر) گوتی: (حەسیبە) ئامۆزایەکم وەکو ئێمە منداڵییان نییە، زۆر حەز دەکەن منداڵی خێزانێکی باشیان

لەبەرەبەیانێکی ڕۆژێکی هەینی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کە مرد خەڵکی کفن و دفنیان کرد و ناشتیان پارەمان نەبوو، تازییەش دابنێین

ئەوانیش بەهەموو مەرجەکانم ڕازی بوون و گوتیان لای خۆمان دەیخەینە قوتابخانە و وەکو کچی خۆمانی حسێب دەکەین



لەلابێت بۆ ئاوەدانی. ماڵێکی تا بڵێی چاوتێر و باشن. من بۆخۆم ئامۆزای خۆم باش دەناسم کە چەند مرۆڤێکی میهرەبان و نەجیبە. کە چاوی بە (نێرگز)ی ئێوە کەوت، زۆر زۆری را لێبوو دەیگوت سەد رەحمەت لەو دایکەی ئەو منداڵەی وەها بەخێو و پەروەردە کردووە، ئەگەر حەزت لێبوو دەتوانی ئەو کچەت کە لە نێرگز بچوکترە بیاندەیتێ و ئەوانیش وەکو منداڵی خۆیان حسێبی بۆ دەکەن. دوو سێ هەفتان مەسەلەکەم تاوتوێ کردو چەند جارێك ئامۆزاکەی (دلێر) بەخۆیان هاتنە ماڵمان و داوای (شیلان)ی کچەکەی تریان کردم. (شیلان) لە (نێرگز) بچوکتر بوو. منیش کە دواتر تاقیمکردنەوە زانیم کە ئەوانیش خێزانێکی باشن گوتم: باشە، بەڵام هەرکاتێك گوتم: کچەکەم دەوێتەوە نابێ ئێوە رێگری لە گەڕانەوەی بکەن. هەروەك بەهەمان شێوەش لەگەڵ کاك (دلێر) و خێزانەکەی رێککەوتووم. ئەویشم بەشێوەیەکی کاتی دا بەوان و گوتم: تاوەکو خودا دەروویەکی خێرمان لێدەکاتەوە.

بەڕاستی ئەوەی قەت لە خەیاڵمدا نەبوو، ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد رووبدات، روویدا. ئەویش ئەوە بوو رۆژێکی هەینی (دلێر و خێزانەکەی) بڕیار دەدەن بچنە سەیران و (نێرگز)ی کچیشم لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. کە دەچنە سەیران، لەسەر داوای (نێرگز)ی کچم دەچنە (بێخاڵ) لەوێ لەکاتی گەڕانەوەیاندا لۆرییەکی گەورەیان لە پشت دەبێ و ستۆپی نامێنێ و لە پشتەوەڕا خۆی دەکێشێ بە ئۆتۆمبیلەکەی (دلێر)، ئەویش هەر هێندە دەزانێ شتێکی بەوپەڕی هێزەوە خۆی پیا کێشا، نەیزانی چی بوو، ئەوەندەی زانی کە لۆرییەك لە پشتەوەڕا پاڵی پێوە دەنێ و ئەوەها لێیان گیر دەبێ بواری خۆدەربازکردنیان نامێنێ و ئۆتۆمبیلەکەیان بە شاخێك دا دەدات.

لە ئەنجامی خۆپیاکێشانەکە وخۆ لە شاخ دانەکە هەرسێکیان (دلێر و هاوسەرەکەی و نێرگز)ی کچم دەمودەست دەمرن. کە هەواڵیان بۆ هێنام من لە هۆش خۆم چووم. ئای خودایە چیم بەسەرهات، نە خۆراکم ما، نە خەو و ژیانم، نە هیچ شتێك. ژیان و دنیام لە پێش چاو تاریك بوو. باوەڕم نەدەکرد (نێرگز) مردووە. نەمدەهێشت بیخەنە ناو گۆڕ. قوڕی دنیام بەسەرخۆمدا کرد. بە چوار کەسان لەسەر قەبرەکەیان لادام. من پێنج شەو و رۆژان هەر لەخۆم دا و خۆم رنییەوە. چونکە من ببوومە هۆی مردنی کچەکەم. ئەگەر نەمدابایە ئەو ماڵە، ئەو بۆ تووشی ئەو رووداوە دڵتەزێنە دەبوو، بۆ بەو چارەنووسە رەش و شوومە دەگەیشت و منیش سکم دەسووتا. لە ترسان (شیلان)یشم وەرگرتەوە. بەڵام دوای دوو سێ هەفتە زانیم کەوا (دلێر) پارچە زەوییەکی بەناوی (نێرگز)ی کچم کردووە و بە ئێمەشی نەگوتبوو.

داخەکەم کابرایەکی زۆر باش و میهرەبان بوو، زۆری (نێرگز) خۆش دەویست و بەڕاست کردبوویە کچی خۆی. بەڵام فایدەی چییە، لە دەستم رۆیشت و جەرگم سووتا. هەموو جارێك دەڵێم، بریا مردن هەبوایە بەس برسێتی و هەژاری نەبوایە. سەری هەموو دەرد و بەڵایان لە هەژاری دایە.

ــــــی بوو؟



# بوونە قوربانی هەڵپەیی و زوو

ئا: باوكی میدیا



بنەماڵەی (نورەدین) و بنەماڵەی (زرار) دوو بنەماڵە بوون كە لەسەر زەوی و شینایی و ئەو شتانەوە دوژمنداریەتی گەورە دەكەوێتە نێوانیان و بەو هۆیەشەوە چەندین كەس لەیەكتری دەكوژن، وەكو دەڵێن هەتا دوژمندارییەكە رادەگرن یەكتر قڕ دەكەن. (سەعید) كە كوڕە بچوكی (نورەدین) بوو ئەو ناكۆكییەمان ئەوها بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: دوژمنداری خێڵەكی تا بڵێی پیسە، وەكو قیرو بنێشت بە كەسوكاری هەردوولاوە دەنووسێت، ئێمەش چەند ساڵێك پێش ئێستا دووچاری وەها دوژمندارییەك بووین كە زۆر بەزەحمەت توانرا رادەیەكی بۆ دابنرێت. ئەگەر هەوڵی خێرخوازان و سوڵح كردن و پارەدان یا ژن بەخشین نەبایە زۆر زەحمەت بوو بەری لێبگیرێت، من بۆخۆم دوو سێ ساڵان لە زیندان پاڵم دایەوە و حوكم درام.

### هۆی سەرهەڵدانی دوژمندارییەكە

دیارە هەرناكۆكییەك و خوێندارییەكیش هۆكاری خۆی هەیە، با بزانین هۆی راستەقینەی ناكۆكی نێوان هەردوو بنەماڵە (نورەدین و زرار) چی بوون، (سەعید) لە درێژەی گێڕانەوەكەیدا بەمشێوەیە هۆیەكانی دوژمندارییەكەیان باس دەكات و دەڵێ: بابم كابریەكی دنیا دیتە بوو، زۆر بەپارێزبوو لە ئێمە، هەمیشە وریای دەكردینەوە كە لەگەڵ دراوسێیان یان لەگەڵ ئەوانەی زەویان بە رۆخ و زەوی ئێمەوەیە بە پارێز و وریا و لەسەرەخۆ بین. شتێكی وا نەكەین ببێتە هۆی ناكۆكیمان لەگەڵ ئەو دراوسێیانە. بەڵام برا گەورەكەم كە ئەوسا تەمەنی لە دەوروبەری بیست و سێ ساڵییەك دادەبوو، كارێكی وای كرد تووشی دوژمندارییەكی گەورەبین و بە ئامان و زەمانیش لە ژێری دەرنەچین، ئەو برایەم ناوی (عەلی) بوو، ماوەیەك تەماح لەیەكێ لە كچەكانی (زرار)ی دراوسێمان دەكات، زەوی ئێمە و ئەوان لە تەنیشت یەك دەبێ و ئەوانیش و ئێمەش خەریكی شینایی دەبین، رۆژێك ئەو كچەیان كەناوی (سەعدیە) دەبێ، دێتە شینایییەكەی ئێمە و داوای دوو خاكەناسی زیاد دەكات براكەشم ئەوە بەدرەفەت دەزانێ و لێی دەچێتە پێشەوە و قسەی لەگەڵدا دەكات، بەمشێوەیە یەك دووجاری دیكەش (سەعدیە) بە بیانووی دیكەوە دێتە لامان و ج مەیلیان بۆ یەكتری دەجوڵێ، ئەو مەیل بۆ یەك جوڵانە پەرە دەسەنێ و دەیكەنە پەیوەندی، پەیوەندی بەیەكەوە دەبەستن و هەفتەی یەك دوو جار یەكتر دەبینن. رۆژێك (سەعدیە و عەلی) ی برام لە شینایی خۆمان لە بن كەپرێكی نزیك بیرە ئاوەكەمان دادەنیشن و خەریكی قسەكردن دەبن و لەو دەمەش (برزۆ)ی برا گەورەی (سەعدیە) بە رێكەوت بۆ لای (عەلی) دێت، وەكی چاوی پێدەكەوێ وا دوو بەدووی دانیشتوونە، چاوی دەچێتە پشتی سەری و دەڵێ: ئەوە چۆنە لێرە دووبەدوو دانیشتوونە، ئەوانیش زمانیان تەتەڵە دەكات و دەشڵەژێن، كەوایان دەبینێ تێدەگات ئەوانە پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، پڕ دەداتە (عەلی) برام و لەیەك دەدەن. (سەعدیە)ش دەكاتە قیژ و هۆڕ، باوكم و براكانی دیكەم ئاگادار دەكاتەوە، رێكەوتێكی سەیر بوو، ئەوان لەو شەڕ و یەخەگرتنەی یەكتر بوون، منیش مێوانی ماڵی بابی (سەعدیە) بووم.

باوكم و براكانی دیكەم، زوو بە فریایان دەكەون و لێیكیان دەكەنەوە، بەڵام (برزۆ) راناوەستێ). (سەعدیە) لەتاو گیانی خۆی و بۆ ئەوەی شتەكە گەورەتر نەبێ، بە پەشۆكاوی و ترساوییەوە دێتەوە ماڵی خۆیان و باوكیشی لێیدەپرسێ: هاكچم چییە بۆ



# هەڵچوون

واشیواوی. ئەویش دەڵێ (عەلی و برزۆ) وا تێکگیربوونە و خەریکن یەکتری دەکوژن، کەوا دەڵێ یەکێ لە براکانی (سەعدیە) پڕ دەداتە من، بێ ئەوەی ئەوەی لەبەرچاو بێ کە من میوانیانم و ناشزانم مەسەلەکە چیە و دەستم لەو مەسەلەیە هەر نییە، براکانی دیکەشی لەسەری دەکەنەوە و بەهەمووان پەلامارم دەدەن. باوکیان ئەو شتەی پێ قبوڵ ناکرێت و بە گۆچان لە کوڕەکانی دەدات و من لە بن دەستیان رزگار دەکات و بەهەرجۆرێك بێت خۆم دەرباز کرد و رامکرد. کە گەیشتمەوە شینایی خۆمان بینیم خەڵکی شینایییەکانی دیکە (برزۆ) دووردەخەنەوە و بەخۆیان دەیبەنەوە ماڵی خۆیان. بۆ ئێوارە دراوسێ و ناسیاوان هەوڵیاندا کێشەکە کۆنترۆڵ بکەن و لەوە زیاتر تەشەنە نەکات و لە بنج و بنەوانی کێشەکەش بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن. ئەوان گوتیان جارێ هیچ شتێك ناکەین هەتا بە تەواوەتی تێدەگەین (عەلی) چ پەیوەندییەکی لەگەڵ (سەعدیە) هەیە. کە تێگەیشتین ئەوسا قسەی خۆمان دەکەین، دوو سێ رۆژان خۆیان کڕ کرد، بەڕاستی ئێمەش وامانزانی ئیدی سارد بووینەوە بۆیە هیچ قسەیەك ناکەن، ماوەیەکی دیکە بە خۆمان هەندێ پیاوی ماقووڵ و ریش سپی دەبەین و بەیەکجارەکی عاجزییەکە دڕەوێنینەوە، بەڵام ئەوەی قەت چاوەڕێیمان نەدەکرد، ئەوەیان کرد. پاش بەسەرچوونی ئەو دوو سێ رۆژە، (زارێ)ی خوشکم، نیوەڕۆی بوو، کە لە کۆتایی زەوییەکەمان خەریکی رنینی هەندێ تەماتە و باینجان بوو، بۆ کەرەستەی چێشتی نێوەڕۆ، لە پڕ دوو لە براکانی (سەعدیە) لە پشتەوەڕا تاویان دایێ و بە مقەسێك هەردووکەزیان بڕی و ئەتکیان کرد. (زارێ) یش بە گریان و زارەترەك گەڕایەوە ماڵێ و وەك بروسکە خۆی کوتایە ئەو ژوورەی کە دایکمی لێبوو. بەگریان و لەخۆدانەوە، بەهەر جۆرێ بێ لەدایکمی گەیاند، لەو دەمەش (عەلی) و ئەحمەدی برام کە یەك ساڵ لەو بچووکتر بوو گوێیان لەو قسانە دەبێ. هەردووکیان تەگبیر دەکەن، بێ ئەوەی باوکم ئاگادار بێت، دەچنە ژوورەکەی ئەولاتر، سەرو تفەنگێك بەدەست دێنن و رێکدەکەون کە تۆڵەی ئەو ئەتککردنە بکەنەوە. ئەوە بوو کە دەڕۆن دایکم پێی دەزانێ. هاوار لە باوکم دەکات کە بیانگاتێ، باوکیشم بەراکردن بەدوایاندا دەڕوات. براکانی (سەعدیە) کە دەیانبینن، بە خۆ و بەتفەنگەوە هاتوون. لەبەر ئەوەی دەستیان بە تەفەنگێ راناگات، لەترسان رادەکەن. (ئەحمەد) بە (عەلی) برام دەڵێ، ئەو کێشەیە هەمووی لەسەرینی (سەعدیە)یە و (زارێ)ی خوشکیشمان هەر بەو هۆیەوە ئەتك کرا تۆش مەرد بە، رێم بدە با من ئەو ئەتك بکەم. بەڵام (عەلی) برام رێگەنادات و دەگەڕێنەوە. دیسان خەڵك دێنەوە ناوبژی و باوکم و براکانم تەنیا دوو رێگەیان لەپێشدا دەهێڵنەوە یان باربکەن و بڕۆن یان تۆڵەیان لێدەستێندرێتەوە، ناچار باردەکەن، بەڵام ماڵە مامێکیان دێتە جێگەیان و کارەکانیان بۆ هەڵدەسوڕێنن، یەك دووساڵان کارەکە وەها دەڕوات. پاش سێ ساڵان بێ پرسی ئێمە وردە وردە دێنەوە شوێنی خۆیان و ئاخیرییەکەی بەدەردەکەوێت کە بە یەکجارەکی هاتوونەتەوە، ئێمەش زۆر بەوە نارەحەت بووین، شەوێك (ئەحمەد)ی برام بەدزییەوە دەچێتە سەریان و یەکێ لە براکانی (سەعدیە) ئەوەی کە پرچی (زارێ)ی خوشکمانی بڕی بوو، دەداتە بەرخەنجەران و وازی لێناهێنێ هەتا دەیکوژێ، بەڕێکەوت باوکی (سەعدیە) کە ئەو دەمە دەچێتە سەر ئاو بە کوشتنی کوڕەکەی دەزانێ. هەموویان لە خەو رادەپەڕێنێت و ئاگاداریان دەکاتەوە، بەڵام ناهێڵێ دەنگیان بێتە دەر. خڕیان دەکاتەوە و تەگبیریان بۆ دەکات کە بەرە بەرەی مەلابانگدان، ئەوانیش بێنە سەرمان یەك و دوانێکمان لێبکوژن، (ئەحمەد) لەترسی تۆڵەسەندنەوە ئەو شەوی کەهاتەوە نەخەوت. لەبەر هەندێ کە ماڵی (سەعدیە) بەسەریان دادایەن، ئەو هەرزوو دوانی لێکوشتن، کە تەقە دەست پێکرد، ئێمەی بە ئاگاهێنا و پێشتریش هەر شەوێ تفەنگی دیکەی هێنابوو لەوێی دانابوو، حسابی ئەوەی کردبوو کە دێنە سەرمان، ئیدی ئێمەش کە لەخەو هەڵسایین، زانیمان شەو چ کەتنێکی کردووە و ئێستاش دوانی دیکەی لێکوشتوونە، بەڵام یەکێ لە براکانی (سەعدیە) نارنجۆکێکی فڕێدا کە بووە هۆی کوژرانی (عەلی) و برینداربوونی باوکم و (ئەحمەد)ی برام. منیش سێرەم لەو کەسە گرت کە نارنجۆکەکەی فڕێدا و گوللیەکم تێگرت و کوشتم، خەڵك و راوسێ و ناسیاوەکانی هەردوولا هەواڵیاندایە پۆلیس و ئەوانیش هەتا هاتن ئێمە هەر تەقەمان لەیەك دەکرد، کە پۆلیس گەیشتێ ئێمە و ئەوانیان تۆق کرد و پاش هەوڵێکی زۆر ئینجا توانیان وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەن و هەردولامان چەك بکەن. ئەوەبوو هەموومانیان دەستگیر کرد و تەرمەکانیشیان بردە داد پزیشکی و ئەوەی برینداریش بوو لە ژێر چاودێری و پاسەوانییەوە خرایە نەخۆشخانە.

## دادگاییکردن و سزادان

(سەعید) لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێ: بەراستی کارەساتێکی دڵتەزێن بوو، لەسەر شتێکی زۆر هیچ و پووچ چ کێشەیەکی گەورە قەوما، راستییەکەی هەڵەی هەردوولایان بوو، چونکە شتێکی وەها رووینەدابوو تا وەها گەورە بکرێت، ئەوەی هەبوو، نەبوو (عەلی) برام و (سەعدیە) پێکەوە دانیشتوون و قسەیان دەکرد، پێدەچوو دڵیان چووبوە یەك، چونکە ماویەەك بوو کە (عەلی) برام باسی ژنهێنانی دەکرد و بەدڵنیایشەوە تەماحی لە (سەعدیە) کردبوو بیخوازێت، کەچی مەسەلەکە چۆن و بەچی شکایەوە. کە ئێمە دەستگیرکراین، پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردین و پاشان ئێمەیان دایە دادگا بۆ ئەوەی دادگایی بکرێین. باوکم دوو پارێزەری بۆ گرتم و پاش چەندین مانگ دادگاییکردن ئەوجا سێ ساڵ و پێنج مانگ حوکم درام. کە حوکمیش درام کێشەکە هەر نەبڕایەوە، بۆیە بە هەوڵی خزم و کەسان، ناچار بووین سولحیان لەگەڵدا بکەین و ئێمە بڕە پارەیەکی زۆرمان دا و زەوییەکانیشمان فرۆشت و لەوێش بارمان کرد، منیش ماوەی حوکمم سەربرد و هاتمە دەرەوە. بەمجۆرە هەموومان تەنیا زەرەرمان کرد و باجی کەللەرەقییەکی بێ عەقڵانەمان دا.

بەراستی کارەساتێکی دڵتەزێن بوو، لەسەر شتێکی زۆر هیچ و پووچ چ کێشەیەکی گەورە قەوما، راستییەکەی هەڵەی هەردوولایان بوو، چونکە شتێکی وەها رووینەدابوو تا وەها گەورە بکرێت

نووسەر و ئەکادیمیست (د.کاترین میخائیل) بۆ گوڵان:

# عەدالەتی کۆمەڵایەتی تەرازووی پێوانەکردنی دیموکراسییە



*(د.کاترین میخائیل) چالاکوانێکی دیاری مافەکانی ژنانە، لە دایك بووی ساڵی (١٩٥٠) ی شاری کەرکووکە، خانمی (میخائیل) سەرباری ئەوەی خاوەن دکتۆرایە لە (ئەندازەی پیترۆڵ)دا هاوکات پشکدارییەکی بەهێزیشی لەواری رۆشنبیریدا هەیە، بە وتار و لێکۆڵینەوەکانی واقعیانە گوزارشتی لە ئاریشە و ماف و داواکانی ژنان کردووە، خانمی (میخائیل) زانیارییەکی وردی لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی و ژیانی دێهاتنشین لە کوردستان هەیە، بەوپێیەی ساڵانێك شانبەشانی هێزی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان ژیاوە، شایەتحاڵی هەڵمەتەکانی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردە کە لە هەشتەکانی سەدەی رابردوو رژێمی بەعس دەرهەق بە گەلی کورد پەیڕەوی کرد، ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی کیمیابارانی گەلی زێنوێ بریندار دەبێ، ماوەیەکیش لە وڵاتی جەزائیر نیشتەجێ دەبێ، لە زانکۆ بە ناوبانگەکانی ئەو وڵاتەدا وانەبێژی دەکات، لە دەرفەتێکدا هێنامانە دوان و چەند پرسێکی هەنوکەیی تایبەت بە مژارەکانی ژنانمان لەگەڵ تاوتوێ کرد، دەرەنجام ئەم گفتوگۆیەی لێکەوتەوە.*

*** بۆچوون و ئاڕاستەی جۆراوجۆر هەیە سەبارەت بە پرسی ئازادی ژنان، هەندێك وای دەبینن ژنان تەنیا ئەوکاتە خودان ئازادی تەواون کە دەگەنە پێگە بەرزەکانی بڕیاردان یان لە سەنتەری بڕیاردانەوە نزیکن، بەڵام لە رۆژهەڵاتدا زۆرینەی دەسەڵاتداران ئافرەت نەك وەك جەوهەر بەڵکو وەکو دیکۆر بۆ جوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەکاردێنن، ئێوە چ روانینێکتان هەیە بۆ ئەم پرسە؟**

- پێویستە جیاکاری لەنێوان (ئازادی) و (مافەکانی مرۆڤ)دا بکەین، لە زۆرینەی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا هاووڵاتییان یەکسان نین بەرامبەر یاسا، بەشی هەرە زۆری یاسای ئەو وڵاتانە لە مەبدەئی (الرجال قوامون علی النساء) سەرچاوەی گرتووە، ئەوە لە رۆژهەڵاتدا چەندین سەدەیە بۆتە کەلتووری کۆمەڵایەتی، بۆیە ژنان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە لە بڕیارداندا، ئەوەی خاوەن هێز و دەسەڵاتە تەنیا پیاوە، مافی بڕیاردان و رەتکردنەوە تەنیا بەدەستی ئەوە.

لە رۆژهەڵاتدا چ لەسەر ئاستی یاساکانی یان لە نێو کەلتووری کۆمەڵگەدا پانتاییەکی ئەوتۆ بۆ یەکسان بوون لە مافدا لە نێوان نێرومێدا نابینی، کەلتووری نێرسالاری باڵی بەسەر زهنییەتی تاکدا کێشاوە و هەموو شتێکیش بەپێی ئەو

زهنییەتە بەڕێوە دەچێ، واتە داری عادات و تەقالیدی نێرینە ئێستا و داهاتووی تاك و كۆمەڵ ئاڕاستە دەكات، ماوەیەكە هەندێ لە ئافرەتان هەوڵی شكاندنی ئەو واقیعە و باشكردنی باروزروفی كۆمەڵایەتی و ژیانیان دەدەن، بەڵام بەداخەوە ڕووبەڕووی بەرهەڵستكاری و ناخۆشی زۆربوونەتەوە، پیاوانی موحافیزكار بەهەر شێوەیەك بێ هەوڵی لەكەداركردن و ناشیرینكردنی سومعەی ئەو ئافرەتە بوێرانە دەدەن، هەندێكیان بوونەتە قوربانی و هەڕەشەی كوشتن و سزادانیان لێكراوە، لە ڕاستیدا چیتر ئەو واقیعە تاڵە قابیلی قبوڵ نییە، دەبێ ریفۆرم و گۆڕانی كۆمەڵایەتی ڕووبدات، پێویستە پیاوان ئاگادار بن لەوەی كاتێك ژنان داوای مافەكانیان دەكەن مەبەستیانە هاوتای ئەوان بن لەمافدا، وەدەستهێنانی ماف مانای داواكردنی بەڕەڵایی و خۆ ڕووتكردنەوەی ئافرەتان نییە، وەك ئەوەی هەندێ لە پیاوانی موحافیزكار بەدەستی ئەنقەست ئەو جۆرە ڕاڤەیە بۆ مافەكانی ژنان دەكەن.

**• ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمانی ئێستای كوردستاندا زیاترە ٢٥٪ و ژنان لە هەوڵی ئەوەدان ئەو ڕێژەیە هاوشێوەی وڵاتانی ئیسكەندەناڤیا بۆ ٤٠٪ بەرزبكەنەوە، بەڵام گەر لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی و پارتە كوردستانییەكاندا تەماشای ڕێژەكە بكەی دەبینی حزووری ژنان یەكجار لاوازە، بەڕای ئێوە هۆكارەكە لەبونیەی ئەو پارتانەیە یان لە بێ هێزی ئیرادە و هۆشیاری ژنان؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی كوردستان گەیشتنی ئەو ڕێژە بەرزەی ژنان بۆ پەرلەمانی شتێكی كەم نییە، هەنگاوێكی دڵخۆشكەرە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بێ ماندووبوونی زۆر وگرفت ئەو قورساییەی لە ئەستۆماندایە بیگەیەنینە شوێنی خۆی پێویستە هەنگاو بەهەنگاو ڕێ بكەین و قورساییەكە بەرز بكەینەوە، لێرەدا ئەوەی گرنگە جەخت كردنە لەسەر جۆر واتە چۆنایەتی ئەو ژنانەی لە پەرلەمان دەبنە نوێنەری كۆمەڵگە نەك ژمارە و چەندایەتیان، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی مندان ژنە پەرلەمانتارەكانی كوردستان لەڕووی توانا و پسپۆڕییەوە هەمە جۆر و جیاوازن، بێگومان ئەمەش خاڵێكی باش و پێویستە، هەر لەو ڕوانگەیەوە من گەشبینم بەداهاتووی ژنان لە كوردستاندا، ئافرەتانی كوردستان ناخۆشی و چەرمەسەری زۆریان بینیوە، قوربانی و فیداكاری زۆریشیان داوە، بەڵام توانیویشیانە خۆڕاگربن لە هەمبەر دوو فاقی عورفی كۆمەڵگە و یاسا، كۆمەڵگەی كوردستانی ئێستا لە ململانێیەكی توندی كۆمەڵایەتی دایە، هەنگاو و پێشڤەچوونی بەرچاو بەدیدەكرێت، بەڵام هێزی موحافیزكار كە عورفی خێڵ و هزری هەندێ لە پیاوانی ئایینی دواكەوتوو، نوێنەرایەتی دەكات، بەهاوكاری لەگەڵ هێزی دەرەكی كۆسپ و تاسە لەبەردەم ئەو پێشكەوتنە بەرچاوە دروست دەكەن و هەوڵی ڕاگرتنی دەدەن، بۆیە دەبێ ڕۆشنبیران و بەرپرسانی هەرێم وردتر چاودێری ئەو لایەنە بكەن و بەردەوام بن لەسەر ئەوەی دەستیان پێكردووە.

**• عەدالەت پێودانگێكی گرنگە لە هەڵسەنگاندنی دیموكراسیدا، هەر هێز و نیزامێكی سیاسی بیەوێت ڕاست و دروست ڕابەرایەتی كۆمەڵگە بكات، پێویستە ئەو پێودانگە لەبەرچاو بگرێ، بۆیە دەپرسم چۆن دەكرێ لە ڕووی پەرەپێدانی سیاسییەوە بە عەدالەت و یەكسانی بگەین؟**

- عەدالەتی كۆمەڵایەتی تەرازووی پێوانەكردنی دیموكراسییە، تەجرەبەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا تەجرەبەیەكی زیندوو و نزیكە، ئەو وڵاتە كە خاوەن دەیان كەلتوور و پێكهاتە و ئیتن و مۆزایكی جیاوازە و دەوڵەتێكی بەهێزی ئابووریشە، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە ڕابەرایەتی جیهان دەكات، وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەموو ئەو سەنگ و هەیبەتەی لە سەروەری یاساكەیەوە وەرگرتووە، ئەو یاسایەی كە هەمووان لەسەرەك كۆمارەوە تا دەگاتە سادەترین هاووڵاتی لەبەردەمیدا یەكسانن، واتە دواحوكم بۆ یاسایە نەك ئەم حزب و ئەو حزب یان ئەو تایەفە و یان ئەو بەرپرسە و فڵانە بەرپرس، كەی توانیمان خۆمان لەو شتانە قوتار بكەین، ئەوكات دەتوانین بڵێین عەدالەت و یاسا بەرقەرارە، كە بێگومان ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی هزری پیاوانی قەڵەم و یاسا هەیە لەگەڵ ڕێگەدان بە میدیا و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی بۆ چاودێریكردنی كارەكانی حكومەت.

**• هەندێ لە ڕێكخراوەكانی ژنان پرسی ئازادی بە یەكسانی بوونیان بە پیاوان دەبەستنەوە، پێت وانییە پیاوانی ڕۆژهەڵاتیش ئیرادە زەوت كراو نائازادن؟ پێت وانییە مەسەلەی مافەكانی ژنان مەسەلەیەكی شمولی گشتگیرە؟ وابەستەی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییە؟**

- ڕاستە لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكاندا پیاوانیش مەغبون و زوڵم لێكراون، بەڵام ژنان زیاتر لە غوبن و زوڵمێكیان لەسەرە، كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە جووڵە و پێشكەوتنی بەردەوام دایە، كۆمەڵگە هاوشێوەی ئابووری و زانست و هەر لایەنێكی دیكەی ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت، بێگومان ئەو حاڵە پەیوەندی بە سیاسەت و ئابووریشەوە هەیە، پەیوەندی بە زروفی كۆمەڵایەتی هەنوكەیی و گۆڕانی كەرستەی بەرهەم هێنان و پەیوەندی كارەكتەرەكانی پرۆسەی بەرهەم هێنانیشەوە هەیە.

**• ئیرادەی ژنان لە كۆمەڵگە داخراوەكاندا ئیرادەیەكی بێ هێزە، گەر ئیرادەشیان هەبێ ناتوانن بیكەنە كردار، بەڕای ئێوە هەبوونی یەكسانی ژێندەری لەنێوان نێرومێدا بەسە بۆ گەیشتن بە كۆمەڵگەیەكی تەندروست یان ئەوەتا مەسەلەكە پەیوەندی بە كەلتووری تاك و كۆمەڵگە هەیە؟**

- كێشەی سەرەكی ژنان نەبوونی یاسایەكە پارێزگاریان لێبكات، یاسا و كۆمەڵ هەمویان دژی ئەو دەوەستن. مەسەلەكە یەكەمجار گرێدراوی پێشكەوتنی پەیوەندی نێوان كارەكتەرەكانی بەرهەم هێنانە، ئینجا ڕۆڵی یاسا، یاسا ڕۆڵی یەكەم دەبینێ هەر لە دەستوورەوە تا دەگا بە ماددە یاساییەكانی پەیوەست بە كرێی كاركردن و یاسای باری كەسێتی.

پێشخستن یان باشكردنی كەلتووری هەر میللەتێك پرۆسەیەكی بیریكاری هاوشێوەی ١+١=٢ نییە، بەڵكو پرۆسەیەكە سەرەتا پێویستی بە دارشتنی كۆمەڵە تەشریعاتێكی دروست هەیە ئینجا ڕادەی قەبوڵ كردنی ئەو تەشریعاتانە لەلایەن كۆمەڵگەوە كارپێكردن و چاودێری جێبەجێكردنیان لەلایەن كۆمەڵگە مەدەنی و دەوڵەتەوە، دیاردەیەكی دیكەی ترسناك كوشتنی ژنانە بە بیانووی كڕینەوەی نامووس لە كۆمەڵگەی كوردیدا، بەڕاستی ئەمە كارێكی یەكجار ترسناكە و سەرباری هەوڵەكان هەر بەردەوامە، من پێموایە هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە تا ئێستا یاسا وەك پێویست بە ڕۆڵی خۆی لەو مەسەلەیە هەڵنەستاوە، هەر لێرەوەش دەستخۆشی لە میدیای كوردی دەكەم كە كاریگەرییەكی باشی هەبووە لەم پرسەدا و

**كە ژنان هەوڵی وەدەستهێنانی مافەكانیان دەدەن مانای ئەوە نییە داوای بەڕەڵایی و خۆ ڕووتكردنەوە دەكەن**

**كۆمەڵگەی كوردی ئێستا بەململانێیەكی توندی كۆمەڵایەتیدا گوزەر دەكات**

کاریگەرییەکانی پاشخانی کەلتووری سەدان ساڵە بە شەو و رۆژێک هەڵناگیرێ، پێویستە لە دەستووورەوە دەست پێبکەین ئینجا یاسای کار و باری کەسی

بوێرانە تەرحی ئەو جۆرە بابەتانەی کردووە بە پێچەوانەی میدیای عێراقی کە خۆی زۆر تەریـك و لابەلا کردووە، لە ئاریشـە کۆمەڵایەتییەکان.

**• لە رۆژئـاوادا ژنان بەشـدارییەکی فراوانـی ژیانی ئابـووری دەکەن، خاوەن داهاتێکی ئابووری سەربەخۆن، بەرای ئێوە سـەربەخۆیی ئابووری تا چەند خزمەتی پرسی ئازادی ژنان دەکات؟**

- بێگومـان سـەربەخۆیی ئابـووری فاکتەرێکـی بەهێـزە لـە چەسـپاندنی کەسایەتی ئافرەت و سەربەخۆبوونی لەنێو خێزاندا، بیرکردنـەوەی ئافرەتانیش خاڵێکە حەزدەکەم تیشکی بخەمە سەر، بەداخەوە تا ئێستا هەندێ لە ئافرەتان خۆیان بە کەمتر یان بە سـێبەری پیـاوان دەزانن، ئەوان لە مافە ئابووری و کەسییەکاندا دوو ئافرەت بـە هاوتای پیاوێك دادەنێن، یان ئاشـکرا رەتی یەکسـانی ژێنـدەری دەکەنەوە وەك ئەوەی داواکردنی مافی یەکسـانی بەرەڵڵایی بـێ!! من هەرگیز لەگەڵ بەرەڵایی نیـم، زۆر موعجەبم بە یەکگرتوویی پێکهاتـەی خێزانی عێراقی و خۆشـم لەسـەر ئەوە پـەروەردە کراوم و شانازیشـی پێوە دەکەم، بەڵام هەرشتێکیش بۆنی جیاکاری و نایەکسانی لێبێت پێویستە رەتی بکەینەوە و چیتر قەبووڵی نەکەین.

**• زۆرجـار تێبینی ئـەوە دەکرێت ژنان لە کاری سیاسـی و بڕیارە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان پاشـکۆی پیاوانن، بەرای تۆ چی پێویسـتە بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەت و کاریگەری ژنان و بەشـدارپێکردنیان لە بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا؟**

- لەوانەیە کاریگەرییە سیاسـییەکان و بەرژەوەندی هەندێ لە ئافرەتان وایکردبێ ژنان ببنە پاشکۆی پیاوان، ئەگینا ئەگەر تەماشـای مێژووی ئافرەتی کوردستانی بکـەی دەبینـی هەندێ لـەوان پێگەی سـەرکردایەتییان هەبووە یان لەنێو خێڵ و بنەماڵەکانـدا خاوەن نفوز و بڕیاری بوون و کەسایەتییەکی کاریگەرییان هەبووە، من لە گوندەکانی کوردستاندا ئافرەتی لەوجۆرەم بینیوە، پاشـخانی کەلتووری سەدان ساڵە کاریگەرییەکانـی بەشـەو و رۆژێك هەڵناگیـرێ، وەك گوتـم دەبـێ لەدەستوورەوە دەسـت پێبکەین ئینجـا گۆڕینی یاسـای کار و باری کەسیەتی، پێویسـتە پێوەندییەکانی ئافرەتان رێکخراو و یەکگرتووبـن، ئـاگاداری چالاکی و بۆچوونەکانی یەکدی بن، میدیای کوردیش پێویسـتە بەردەوام بێ لەسەر خستنەرووی زوڵـم و نەهامەتییەکانی ژنان و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی رۆشـنبیری مافەکانی مرۆڤ.

**• گەر تەماشـای بزاڤی فیمینیستی رۆژهـەڵات بکەین دەبینیـن زیاتر پیاوان رابەرایەتـی بزاڤەکـە دەکەن، بـەڵام لە رۆژئاوادا پێچەوانەیە، چۆن شرۆڤەی ئەو واقیعە دەکەن؟**

- واباشـە ژنـان خۆیـان رابەرایەتی بزاڤەکەیان بکەن، ساڵی ٢٠٠٢ لە واشنتۆن کۆنفرانسـێك دەربارەی ژنانی کوردستان گرێـدرا، لـە یادمە هەندێ لـە ئافرەتە چالاکوانـە بەشـداربووەکانی کۆنگرەکە گومانیان هەبوو ژنـان بتوانن رابەرایەتی سیاسـی بکەن، ئەمڕۆ گەر تەماشـای گۆڕەپانی سیاسـی عێراق بکەی دەبینی چەندین ئافرەت بە ژنانی کوردستانیشـەوە مەوقیعـی سیاسـی باڵایـان هەیـە و سەرکەوتووشـن، دەبێ ژنانی چالاکوان لە پرۆژە و بۆچوونەکانیاندا پێش هەموو شتێك بەرژەوەندی هاورەگەزەکانیان لەبەرچاو بێ، کار بۆ ئـەوە بکەن جیـاکاری ژێندەری رەت بکەنەوە و یەکسانی راستەقینە دابین بکەن.

*** لە پەرلەمان و نێوندی رۆشـنبیری کوردیدا، پیاوانێـك پشـتگیری لـە داواکاری و مافـی ژنـان دەکەن، کار لە پێنـاو دەرچوواندنی ئەو یاسـایانە دەکەن کە خزمەتی پرسـی ئافرەتان دەکات، ئەو هەڵوێسـتە چۆن دەنرخێنن؟ ئایا ژنان بێ پشـتگیری ئەو جۆرە پیاوانـە دەتوانن بە مافەکانیان بگەن؟**

- پێویستە پرسی یەکسانی و مافەکانی ژنـان ببێتە پرسـێکی جەمـاوەری، لە پشتگیری نوخبەی دەربچێت و رای گشتی لێ بکەوێتـەوە، پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـی و میدیـاش بەتایبەتی میدیای بینراو بەشداربن، باشکردنی گوزەرانی ژنان و دەسـتەبەرکردنی مافەکانیان وابەستەی باشـبوونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگەیە، بەتەجرەبەش دەرکەوتووە گەر بارودۆخی مەوزوعی ژنان گونجاو بێ دەتوانن داهێنان و پێشقەچوون ئەنجام بدەن و پێشـبرکێی پیاوان بکەن و لەوانیش سەرکەوتووتر بن.

